ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
28
25ی کانونی دووەم/ جەنیوەری 2022

# کاتی ئەوەیە پێیان بڵێن: کش مەلیک!



موحسن کەریم

ماوەی سی ساڵە دەسەڵاتی هەرێمیان بەدەستەوەیە، بەڵام کۆمەڵگەی کوردستانیان دوو سی ساڵی بەرەو دواوە گێڕاوەتەوە. خۆیان ملیارەها دۆلاریان لەسەر حسابی ژیان و گوزەرانی خەڵک کەڵەکە کردوەو ژیانی شاهانەیان بۆ خۆیان و منداڵ و نەوەکانیان دابین کردوە، کەچی خەڵکیان موحتاجی نانی شەوکردوە. ملیارەها دۆلاریان لە فرۆشتنی نەوت دەست کەوتوە کەچی نەوت بۆ خۆگەرمکردنەوە بەنرخی بازاڕی جیهانیش دەست خەڵک ناکەوێ. دەبێ لەم سەرمای زستانەدا و لەناو کڕێوەی بەفردا هەڵ لەرزن و رەق ببنەوە! خۆیان نەوت و گاز فرۆشن کەچی قەیرانی گازیان بۆ خەڵک دروست کردوە... خۆیان ڤێلاکانیان وەکو ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە بە کارەبای نیشتمانی ڕازاوەتەوەو خەڵکیش چەند کاتژمێرێک کارەبای نیشتمانی هەیە! باران نابارێ کێشەی بێئاوی بۆ خەڵک دروست دەبێت و باران دەبارێت لافاو ماڵ وحاڵی خێزانە هەژارەکان وێران دەکات و ژیانیان دەخاتە مەترسیەوە. خۆشیان مێشێک میوانیان نیە. هەموو شتێک بۆ ئەوان بە زیادەوە هەیە، بەڵام بۆ خەڵک قاتوقڕیە.

نەخۆشخانە حکومیەکان بەرەو پوکانەوە دەچن و خۆیان دەیان نەخۆشخانەی تایبەتیان دروست کردوە بۆ روتاندنەوەی خەڵکی کرێکار و هەژارو کەمدەرامەت. خێزانێکی کرێکاری بەهەزار دەردیسەر دەتوانێ کرێ خانوەکەی دابین بکات، بەڵام ئەوان ریزە ڤێلاو باخ و ئاپارتمان و شاری

بۆ لاپەڕە 2

# ڕێگاچارە؛ شۆڕش و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە!



گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد ئەندامی
مەکتەبی سیاسی
سەبارەت بە باسە سیاسیەکانی
کۆنگرەی پێنجەم

بۆ لاپەڕە 3

## ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی "شەشەم"ی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق.........لاپەڕە "٨-٩"

# کرێکاران و هەڕەشەی لەسەرکار دەرکردن!



خەسرەو سایە

لەئێستدا لەسەرکار دەرکردنی کرێکاران، یەکێک لە گرفتەکانی پێشڕەوی بەردەم خەبات و نارەزایەتیەکانی کرێکارانە و بەڵاو هەڕەشەیەکە کەڕۆژانە بزوتنەوەی کرێکاری لەکوردستاندا دەخاتە بەردەم ئاستەنگێکی گەورەوە. ئەمە هەر بەو مانایە نییە کەلە سەرکار دەرکردن دەبێتە مایەی بێکاری وبێدەرامەتکردنی کرێکاران وخێزانەکانیان، بەڵکو لەو ڕوشەوە کە لەسەرکار دەرکردن ڕیزی کرێکاران و

بۆ لاپەڕە 10

# لە یادی مەرگی لینیندا بژی کۆمۆنیزم



مستەفا باهیر

بۆ لاپەڕە 13

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

درێژەی.....

## کاتی ئەوەیە پێیان بڵێن: کش مەلیک!

هاوچەرخیان هەیە. خوێندنی گشتی و خوێندنگەو زانکۆ حکومیەکان خەریکن دەبن بە مۆزەخانە و خۆیان دەیان زانکۆی ئەهلیان کردۆتەوەو کردویانە بە بازاڕێکی گەرمی کاسبیکردن. هیچ خزمەتگوزاریەک نەماوە کەچی بە دەیان جۆر باج و سەرانە لە خەڵک دەستێنن! کێشەی ئاوی خواردنەوە هەموو هاوینێک سەرهەڵدەداتەوە. کێشەی کارەبا هەموو هاوین و زستانێک وەکو هەریز سەوزدەبێتەوەو بنبڕ نابێت، کەچی ئەوان باس لە حکومەتی دامەزراوەیی دەکەن!

دەسکەوتنی کار بۆ دەیان هەزار گەنجی ئامادە بەکار بوەتە سەراب و خەونی وەدی نەهاتوو! نەدانی هیچ بیمەیەکی بێکاری لەلایەن حکومەتەوە پێیان، ناچاری کردوون بە گیرفانی بەتاڵ رۆژ بەشەو بگەیەنن و بیبەش بن لە هەموو خۆشیەکانی ژیانی گەنجێتیان! نەدانی بیمەی خانەنشینی بە دەیان هەزار کرێکار و زەحمەتکێش کە لەکەرتی حکومیدا کارناکەن و تەمەنی کارکردنیان بەسەرچوە، ئەوانی ڕوبەڕووی هەژاری ڕەهاکردۆتەوەو دەبێ دەست لە کەسوکاریان پان بکەنەوە یان دەستفرۆشی بکەن تا رۆژانە ٥-٦ هەزار دینار پەیدا بکەن بۆ بەڕێچوونی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان! هەزاران خاوەن پێداویستی تایبەت لەو برە هاوکاریە بێبەش کراون کە تەنها دەیتوانی چەند رۆژێکیان بەڕێ بکات و ژیانێکی سەخت و لارەملی بەسەر دەبەن! ...

ئێستا دەکرێ بەپێودانگی دەوڵەتداری و حکومەتکردنی تەنانەت خراپترین حکومەتی بۆرژوایش لەمسەر تا ئەوسەری دنیا، حکومەتێک پەیدا ببێت وەکو حکومەتی هەرێم کە هیچ جێگایەکی لە ژیانی خەڵکەکەیدا نەبێت!؟ حکومەتێک بێت بە هەموو مانایەک بووبێتە بار بەسەر خەڵکەوە. مەگەر دەسەڵاتەکەی بزوتنەوەی تاڵیبان بتوانێ کێبڕکێی حکومەتی هەرێم بکات لە خراپی و نامۆبوون و دژ بوونی لەگەڵ ژیانی خەڵکەکەیدا!؟ حکومەتی هەرێم بەڕاستی بوە بە بارێکی سەنگین و قورس بەسەر خەڵکەوە. نەک هیچ شتێک پێشکەشی خەڵک ناکات بەڵکو تا بۆی بکرێت ئەوەشی هەیەتی لێی بسەنێتەوە! ئیتر ئەم حکومەتە لەڕوانگەی ژیان و گوزەران و بەرژەوەندی و ئایندەی خەڵکەوە هیچ خێرێکی نەماوە تەنها شەڕ و نەهامەتی نەبێت. ئەم حکومەتە بەهەموو پێودانگێک ئیتر کاتی ئەوەی هاتوە لەلایەن خەڵکەوە پێی بوترێت: کش مەلیک! خەڵکی کوردستان خۆیان زۆر باشتر دەتوانن هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لێی بێبەشن، بۆخۆیانی دابین و دەستبەر بکەن. کرێکارو کارمەند و ئەندازیارانی فەرمانگەی کارەبا دەتوانن کارەبا بۆ خەڵک دابین بکەن. دکتۆرو پەرستار و کارمەند و کرێکاری خەستەخانەکان دەتوان خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ خەڵک دابین بکەن. بەهەمانشێوە کارمەندان و کرێکارانی فەرمانگەو دامەزراوەکان دەتوانن خزمەتگوزاریەکان دابین بکەن، بەڵام مەرجی وەدیهاتنی ئەمانە ئەوەیە کە خەڵک ئیرادە بکەن و خۆیان ڕێکخراو بکەن لە هەموو ناوەند گەڕەکێکی شارو شارۆچکەکاندا، شوراکانی خۆیان دروست بکەن و دەست بگرن بەسەر داهاتەکانی کوردستان و سامانی تالانکراوی خۆیان لای بەرپرسانی تالانچی حکومەتی مافیایی هەرێم!

★

**ئەم حکومەت و دەسەڵاتە بارن بەسەر خەڵکەوە ..دەبێ بڕۆن..ئیتر نۆرەی دەسەڵاتدارێتی جەماوەریە!**


**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : **موحسن کەریم**

ڤایبە: 07700475533

muhsin_km@yahoo.com

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**



سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

# ڕێگاچارە شۆڕش و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە!

## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

## لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی

## سەبارەت بە باسە سیاسیەکانی کۆنگرەی پێنجەم

**ئۆکتۆبەر: باسێکی گرنگی کۆنگرەی پێنجەمی حزب "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە" بوو کە لەلایەن ئیوەوە پێشکەش کرا. دەکرێ بایەخی پەسەندکردنی ئەم بەڵگەنامەیە لەلایەن کۆنگرەوە ڕوون بکەیتەوە؟ ئەم بەڵگەنامەیە دەیەوێ چی بڵێت و سەرخەتی تیڕوانین و لێکدانەوەکانی بۆ هەلومەرجی سیاسی کوردستان و بەرنامەی کاری داهاتووی حزب چییە؟**

ڕیبوار ئەحمەد: کۆنگرەی پێنجەمی حزب کۆنگرەی پێداگری بوو لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی دەستبەجێ هەیە. ڕێگاچارەی کێشە و گرفتە کەڵەکەبوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە شۆڕش و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە. بەڵگەنامەی مانیفێیست پلانی ئەو ئاڵوگۆڕەیە لە ڕوانگەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە. مایفێست دەڵێ کۆمەڵگەی کوردستان لە هەلومەرجێکی دژواری ئەوتۆدا قەراری گرتوە کە مایەی بێدەرەتانییە بۆ زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانەکەی. لەگەڵ ئەوەی کە هەموو شێوەکانی خەبات لە بایکۆت و مانگرتنەوە تا خۆپیشاندان..و... گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام ئەزمونی چەندین ساڵەی ڕابردوو ئەو ڕاستیەی سەلماندوە کە قەتیس مانەوەی خەباتی جەماوەری لەو ئاستەدا، توانای ئەوەی نییە کوردستان لەم هەلومەرجە دەربهێنێ و تەنانەت ناتوانێ داخوازیەکانی بزوتنەوەی جەماوەری بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنێ. دەسەڵاتی ئێستا و چینی دەسەڵاتدار نەک هەر نایەوێ، بەڵکو لە بنەڕەتدا گیرۆدەی قەیرانێکی ئابوری و حکومەتی ئەوتۆیە، کە توانای ئەوەی لەدەستداوە وەڵام بە کێشەو گرفتە ئابوری وسیاسیەکانی ئێستای کۆمەڵگە بداتەوە. کۆنگرەی پێنجەم کۆنگرەی داڕشتنی نەخشە و سەرجەم پێداویستیە سیاسیەکانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بوو، بەڵگەنامەی مایفێست گرنگترین بەڵگەنامە بوو لەو چوارچێوەیەدا.

مانیفێست جەخت لە پێویستی بەرپاکردن شۆڕشی کرێکاری دەکات بۆ ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە وەزعی ئێستا. بەڵام ئەم شۆڕشە لە پرۆسەی وەڵامدانەوە بە گیروگرفتە سەرەکی و هەنوکەیەکانی ئێستای کوردستانەوە دەڕواتە پێشەوە. دەسەڵاتی داسەپاوی میلیشیایی حزبە بۆرژوا-ناسیۆنالیستەکان لەلایەک و گێژاوی پەیوەندی فیدرالییستی قەومی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق، لە لایەکی ترەوە، دوو گرفتی سەرەکی ئێستای ئەم کۆمەڵگەیەن. ڕەوتی شۆڕشی کرێکاری لە ئێستای کوردستاندا، لە هەناوی وەڵامدانەوە بەم دوو کێشەیەوە دەڕواتە پیشەوە. واتە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستا و دەرهێنانی کوردستان لە گێژاوی فیدرالیزمی قەومی.

کەناڵی سەرەکی بەرەوپیشچونی ئەم ڕەوتی ئاڵوگۆڕە لە ئێستای کوردستاندا بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە، کە بزوتنەوەیەکی هەمەگیر و فراوان و ڕادیکال و تا ڕادەیەکیش سەراسەریە. ئەم بزوتنەوەیە ئەگەر ڕێکخراو بێت و ئاسۆیەکی سیاسی ڕادیکال و سۆسیالیستی و ڕابەریەکی شۆڕشگێڕانەی بۆ دابین بکرێت، توانای ئەوەی هەیە کۆتایی بە دەسەڵاتی ستەمکار و گەندەڵی ئێستا بهێنێت و دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕانەی پشتبەستو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک لە جێگای دامەزرێنێت، کە هەم توانای دەستەبەرکردنی خواست و ئامانجە دەمودەستەکانی ئێستای جەماوەری هەبێت، هەم کۆمەڵگە لە گێژاوی فیدرالیزمی قەومی دەرکێشێت. لەسەر ئەم بنەمایەش مانیفێست گرنگترین و سەرەکی ترین ئەرکی حزبی بە ڕێکخستن و ڕابەریکردن و ئاسۆدارکردنی ئەم بزوتنەوەیە دیاری کردوە.

**ئۆکتۆبەر: مەبەست چیە لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە؟ حزب دەیەوێ ئاراستەی سیاسی و دەسەڵاتداریێتی لە کوردستاندا بە کام ئاقاردا بڕوات؟ بۆ ئەو مەبەستە حزب چ سیناریۆیەکی لەبەرچاوە؟**

ڕیبوار ئەحمەد: مەبەستەکە ئەوەیە کە بزوتنەوەی نارەزایەتیە جەماوەریەکان کەوتۆتە بەرامبەر سەرتاپای دەسەڵاتی داسەپاو و سیستەمێک کە٣٠ ساڵە ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دەهاڕێ، ئیتر دەبێ ئەم دەسەڵاتە بڕوات و دەسەڵاتیکی سەرچاوەگرتو لە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک جێگای بگرێتەوە. ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە واتە هەڵپێچانی گشت ئەم سیستەمە لە دەسەڵاتداریێتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە میلیشیا و پەرلەمان و دادگا و هەموو دامودەزگا گەندەڵ و بیروکراسی و داسەپاوەکانیەوە. لە کاتێکدا کە ڕەوت و لایەنە بورژوازییەکان بەشێوەی جۆراوجۆر باسی چاکسازی دەکەن و پرۆژەی چاکسازی دەخەنە ڕوو، گوایە لەم ڕێگایەوە دەیانەوێ هەلومەرجی دژوار و بێدەرەتانی ئێستا چارەسەر بکەن، مانیفێست دەڵێ نە دۆخی ئێستا و نە دەسەڵاتی ئێستا لە

چاکسازی نایەن، ئەم دۆخە پێویستی بە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە و دەبێ لە ریشەوە بگۆڕێ. ئامرازی ئەم ئاڵوگۆڕەش دەسەڵاتی سیاسیە. دەبێ دەسەلات لە دەستی چینی بۆرژوازی و حزبە بۆرژوازیە چەوسێنەر و ستەمکارەکان دەربهێنرێت و لە جێگایدا دەسەڵاتی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوە بەرپابێت. دەسەڵاتێک کە دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ژیانێکی شایستەی ئەم سەردەمە و خزمەتگوزاری تەسەل بۆ هەموو دانیشتیوان بەرنامە و مەبەستی بێت.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەموو دەرفەت و سناریۆیەکی شۆڕشگێرانە کەڵک وەردەگرێت بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و بەرپاکردنی سیستەمی دەسەلاتداریتی شوراکانی خەڵک. بەڵام گونجاوترین و کارسازترین سیناریۆ هەستانێکی جەماوەری رێکخراوە لە دەوری ئاسۆیەکی شۆڕشگێرانەی سۆسیالیستی بە رابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی. هەڵبەت مەرج نییە ئەم هەستانە جەماوەریە لە یەک کاتدا لەسەرتاسەری کوردستاندا برواتە پێشەوە، بە تایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە کوردستان لەسەر بناغەی دەسەڵاتی میلیشییایی دابەش کراوە و هەلومەرجی هەر ناوچەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بزوتنەوە نارەزایەتی جەماوەریش لە هەر ناوچەیەکدا تایبەتمەندی پەیداکردوە. ئەگەر هێزهاوسەنگی لە هەر ناوچە و تەنانەت شارێکدا دەرفەتی دا پێویستە دەسەڵاتی میلیشیایی هەڵپێچرێت و بە دەخاڵەتی راستەوخۆی حزب ئۆرگانە جەماوەریەکان بەرپابکرێن و دەسەلات و بەرێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە لەو ناوچە یان شارەدا بەدەستەوە بگرن.

**ئۆکتۆبەر: لە وەڵامی پرسیاری پێشوتردا وتت مانیفێست جەخت لە بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری دەکات بۆ ئاڵوگۆڕی ریشەیی لە هەلومەرجی ئێستا. ئەو هەستانە جەماوەریەی باستان کرد چ جێگایەکی هەیە لە شۆڕشی کرێکاریدا؟**

ریبوار ئەحمەد: ئێمە تەنها یەک شۆڕش لەدەستورماندایە و بۆ رێکخستنی یەک شۆڕش خەبات دەکەین، ئەویش شۆڕشی سۆسیالیستی و کرێکارییە. ئەو ئاڵوگۆرە شۆڕشگێرانەیەی باسی دەکەین بەو مانایەی سەرەوە، یەکەمین هەنگاوی شۆڕشی کرێکاریە. ئەمە سەرەتای پرۆسیسێکی پێکەوە پەیوەستە و لە راوەستان نەهاتوە کە لە رەوتی شۆڕشی بەردەوامدا شۆڕشی کرێکاری بە سەرکەوتن دەگەیەنێت. شۆڕشێک کە سەرئەنجام کۆتایی بە سیستەمی کاری کرێگرتە و موڵکایەتی تایبەتی دەهێنێت و لە جێگایدا سیستەمێکی سۆسیالیستی پڕ لە یەکسانی و خۆشگوزەرانی و ئازادی بەرپا دەکات.

مانیفێست جەخت لەوە دەکات کە زەمینە بابەتیەکانی بەرپاکردنی سۆسیالیزم دەمێکە لە کوردستاندا ئامادەیە. پیشەسازی و تەکنۆلۆجیا گەشە و پەرەسەندنیکی گەورەی بەخۆیەوە دیوە. دەیان ساڵە سیستەمی سەرمایەداری وەکو سیستەمی باڵادەست ئەم کۆمەڵگەیەی لە ناو ئەزمە یەک لە دوای یەکەکانیدا گرفتار کردوە. قڵشتی چینایەتی بەوپەری خۆی گەیشتوە. کەمایەتیەکی سەرمایەداری مشەخۆر و ملیاردێر نوقمی سەروەتن، زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانیش کە رەنجدەدەن نوقمی هەژاری و نەدارین. دەمێکە زەمینە بابەتیەکانی ئەوە فەراهەمە کە سیستەم و کۆمەڵگەیەک بەرپا بکرێت، لەسایەیدا هەموان خۆشگوزەران و تێروتەسەل بژین. دواکەوتنی شۆڕشی کرێکاری تەنها لەسەر نائامادەیی زاتی چینی کرێکار راوەستاوە. هەرکات ئەم چینە رێکخراو و یەکگرتوو لە دەوری ئاسۆ و ئامانجی سۆسیالیستی خۆی بێتەمەیدانەوە و ئیرادە بکات، دەتوانێ دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت و شۆڕشی کۆمەڵایەتی خۆی بەرپا بکات.

بەڵام مانیفێست ئەوەشی لەبەرچاو گرتوە کە سەرباری ئەوەی ئامادەییە زاتیەکانی ئەم چینە بۆ بە ئاکام گەیاندنی راستەوخۆی شۆڕشی سۆسیالیستی فەراهەم نییە، گەلێک کۆسپ و لەمپەری گەورەش لەبەردەمە بۆ بردنەسەری ئەم ئامادەییە. کۆمەڵێک هەلومەرجی واقعی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵێک ئاستەنگی زاتی شۆڕشی کرێکاری هەیە کە رێگرن لەبەردەم دەستبردن بۆ کردەوەیەکی شۆڕشگێرانەی راستەوخۆی سۆسیالیستی و بەرپاکردنی حکومەتی کرێکاری و لێدانی گورزی کۆتایی لە موڵکایەتی تایبەتی. رێگای خێراش بۆ هەڵتەکاندنی ئەو کۆسپ و رێگریانە و وەلانانی ئەو ئاستەنگیانە، بردنی کۆمەڵگەیە بەناو دەورەیەکی شۆڕشگێرانە لە دەوری ئەو کێشە و مەسەلانەی کە لە ئێستادا کۆمەڵگەی پۆلاریزە کردوە.

بۆ رونکردنەوەی زیاتری ئەو کۆسپ و ئاستەنگیانە دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە کوردستان یەکێکە لە مەڵبەندەکانی کاری هەرزان بۆ گشت سیستەمی جیهانیی سەرمایەداری. واتە یەکێکە لەو مەڵبەندانەی کە دابینکردنی کاری هەرزان بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری جیهانی پێیراوە. هەلومەرجی دژوار و تاقەت پروکێنی کار و ئاستی نزمی گوزەران کە چینی کرێکار لە ولاتانی وەکو کوردستاندا لەگەڵی بەرەوروون، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی سەرمایەداری سەردەمی ئیمپریالیزم. کە سەرمایەی مالی باڵادەستی پەیدا دەکات و لە جیاتی کالا سەرمایە هەناردە دەکرێت. وە مەسەلەی بنەرەتی لێرەدا ئەوەیە کە رۆڵی وڵاتانی ژێردەستە لە دابینکردنی کەرەستەی خاوەوە دەگۆڕێ بۆ دابینکردنی کاری هەرزان. دابینکردنی کاری هەرزان بنەمای ئەو فەلاکەتەیە کە لەم وڵاتانەدا یەخەی بە چینی کرێکار گرتووە.

ئەو هەنگاوی یەکەمەی شۆڕشی کرێکاری کە لە پێشەوە باسمان کرد، لەگەڵ چارەسەری کێشە دەمودەستەکانی

ئێستای کوردستان، کۆتایی بەم بێدەرەتانییە و کۆسپ و ئاستەنگیەکانی بەردەم خۆئامادەکردنی چینی کرێکار دەهێنێت. ئیمکانی بەخۆداهاتنەوە و زەمینەی ئەوە بۆ چینی کرێکار فەراهەم دەکات کە ئامادەبیە زاتیەکانی خۆی بەخێرایی بەرێتەسەرەوە و لە پرۆسەیەکی شۆڕشی بەردەوامدا ئەم یەکەمین هەنگاوەی شۆڕشی کرێکاری لەگەڵ هەنگاوەکانی دواتری ئەم شۆڕشە لێکهەڵپێکێ بۆ بەرپاکردنی حکومەتی کرێکاری و وەشاندنی گورزی کۆتایی لە سەرمایەداری.

**ئۆکتۆبەر: ئایا ئەمە بە مانای قۆناغبەندی کردنی شۆڕش نییە، واتە وەکو ئەوەی لە ناو بەشێکی زۆر لە چەپدا باوە، لەپێشدا دەبێ شۆڕشی دیموکراتی بەرپا بکرێت و لە قۆناغی دواتردا نۆرە دێتەسەر شۆڕشی سۆسیالیستی؟**

ڕێبوار ئەحمەد: بێگومان ئەم قۆناغبەندیە لە دیدگای ئێمەدا وەکو کۆمۆنیزمی کرێکاری هیچ جێگایەکی نییە. کۆمۆنیزم و چینی کرێکار هەمیشە لە هەوڵ و لە بیری بەرپاکردنی شۆڕشی سۆسیالیستیدان نەک هیچ شۆڕشێکی تر، کۆمۆنیزم هیچ قۆناغێک ناخاتە نێوان ئەمڕۆ و شۆڕشی سۆسیالیستیەوە. ئامانجی کۆمۆنیزم و چینی کرێکار لە بەشداری و تەنانەت ڕابەری کردنی ئەم جۆرە لە شۆڕشی هەمەگیر و ئەم جۆرە لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە، بریتیە لە دەرفەت خولقاندن بۆ یەکگرتوو کردن و هەڵخراندن و ئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ دەستبردنی ڕاستەوخۆ بۆ دەسەڵاتی سیاسی. چینی کرێکار و حزبەکەی دەتوانن بە گێڕانی ڕۆڵی ڕابەری ئەم جۆرە لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە، ڕیزی چینایەتی خۆیان ئامادە بکەن و جەماورەی ستەمدیدە لە دەوری ئاسۆی سۆسیالیستی کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی ئەم ڕەوتی شۆڕشە بەبێ ڕاوەستان بەرنە سەر هەنگاوی دواتر کە ڕاستەوخۆ شۆڕشی سۆسیالیستیە. ئەمە لە مارکسیزمدا بە شۆڕشی بەردەوام گوزارشتی لێکراوە.

شۆڕشی کرێکاری لەم وڵاتانەدا لەسەر بناغەی ئەو هەلومەرجەی لە پێشەوە باسمان کرد، بە پرۆسەیەکدا دەڕواتە پێش کە هەنگاوی یەکەمی ڕێگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی چینی کرێکار بەخێرایی خۆ بۆ دەستبردن بۆ دەسەڵاتی سیاسی ئامادە بکات. ئەمە لە هەر کۆمەڵگایەکدا تایبەتمەندی خۆی هەیە. لەم بارەیەوە مانیفێست دەڵێ " شۆڕشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسیسیکی جیاواز و لە هەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەڕواتە پێشەوە." لە ساڵی ١٩١٧ لە ڕوسیا ئەم شۆڕشە لە کەناڵی وەڵادانەوە بە کێشە سەرەکی و دەمودەستەکانی ئەوکاتەی ئەو کۆمەڵگەیەوە ڕۆیشتە پێشەوە کە بریتی بوون لە "ئاشتی و نان و زەوی". هەر لەم ڕوانگەیەوە ئێستا لە کوردستاندا چینی کرێکار و جەماوەری خەڵکی ستەمدیدە لە دەوری کۆمەڵێک داخوازی و ئامانج هاتونەمەیدانەوە، وە کۆمەڵگە لە دەوری کۆمەڵە مەسەلەیەک پۆلاریز بووە، کە دەکرێ بڵێین خەسڵەتێکی دیموکراتیکیان هەیە. واتە دەستەبەربونیان نەبەستراوە بە هەڵوەشانەوەی کاری بەکرێ و موڵکایەتی تایبەتیەوە. وەکو دەبینین ئێستا لە کوردستاندا جەماوەر لەدژی بێ نانی و نەبونی ئازادی و خزمەتگوزاریەکان هاتونەتە مەیدانەوە. هێزی کۆمەڵایەتی ئەم بزووتنەوەیەش تەنها بە چینی کرێکار بەرتەسک نابێتەوە، جگە لە چینی کرێکار هەموو جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدە و وردە بۆرژوازییش دەگرێتەبەر. ئەمە هەم لەڕوی ئامانج و هەم لە ڕوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە خەسڵەتێکی جەماوەری یان دیموکراتیک دەبەخشێت بە شۆڕشی دەمودەست لە کوردستان.

ئەم دیدگایە بە تەواوی فەرقی هەیە لەگەڵ دیدگای قۆناغبەندی کردنی شۆڕش بۆ شۆڕشی دیموکراتی وەکو قۆناغی یەکەم و پێشمەرجی قۆناغی دوەم، واتە شۆڕشی سۆسیالیستی. بنەمای ئەم بۆچونە ئەوەیە کە پێی وایە زەمینە بابەتیەکانی سۆسیالیزم فەراهەم نەبوە، سەرمایەداری و پیشەسازی بە تەواوی گەشەی نەکردوە، بۆیە دەبێ لە ڕێگای شۆڕشی دیموکراتیاوە زەمینەی دەورەیەک لە گەشەی پیشەسازی و پەرەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا فەراهەم بێت، دوای ئەوە نۆرە دێتەسەر شۆڕشی سۆسیالیستی. لەکاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ئەمە یەکێک بوو لە ناکۆکیەکانی لینینیزم لەگەڵ مەنشەفیزم و تەنانەت لەگەڵ بەلشەفیزمیشدا. ئەو دوو دیدگایە هەردووکیان لەوەدا هاوبەش بوون کە شۆڕشی دیموکراتی بەو مانایەی باسمان کرد بکەن بە پێشمەرجی شۆڕشی کرێکاری، بەو جیاوازیەوە کە بەلشەفیەکان پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە تازە بۆرژوازی ناتوانێ ئەو ئاڵوگۆڕە مێژووییە بەسەرئەنجام بگەیەنێ، بۆیە دەبێ پرۆلیتاریا ئەو کارە بکات.

واتە لە دیدگای قۆناغبەندی کردنی شۆڕشەوە برگەیەک دەکەوێتە نێوان شۆڕشی دیموکراتی و شۆڕشی سۆسیالیستیەوە. لە بەرامبەردا مانیفێست پێداگری لەسەر لینینیزم و ئەو ڕوانگە مارکسستیە دەکات کە هیچ قۆناغبەندی و پەرەسەندنێکی ئابوری لە ئارادا نییە. ئەم جۆرە شۆڕشە هەمەگیرانە، بۆ چینی کرێکار ئەڵقەیەکە لە شۆڕشی کرێکاری و بەشێکە لە پرۆسەی خۆئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ دەستبردن بۆ دەسەڵاتی سیاسی و هیچی تر. لینینیزم بە هەمان میتودی مارکس پێداگری لەسەر شۆڕشی بەردەوام دەکات، بەشداریکردن و ڕابەریکردنی شۆڕشگەلی هەمەگیری جەماوەری بۆ چینی کرێکار تەنها چەخماخەی شۆڕشی کرێکاریە و پێویستیەکەی لە خۆئامادەیی زاتی

چینی کرێکار بۆ دەستبردن بۆ دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت نەک پەرەسەندنی ئابوری. واتە چینی کرێکار بەبێ ڕاوەستان پێبەپێی ئامادەییەکانی خۆی ڕەوتی شۆڕش بەردەوام دەدا تا بە ئاکام گەیاندنی شۆڕشی سۆسیالیستی. ماوەی نێوان ئەم دوو هەنگاوەی شۆڕشی کرێکاری، بۆ چینی کرێکار تەنها پەیوەستە بەوەی کە ئەم چینە چەندە دەتوانێ بە خێرایی ڕیزەکانی خۆی ڕێکخراو و یەکگرتوو هوشیار بکات و جەماوەری خەڵکی ستەمدید لە دەوری ئاڵا و ئاسۆی سۆسیالیستی کۆبکاتەوە و هیچی تر. بەم مانایە دیواری چین لە نێوان ئەم هەنگاوی یەکەمە و هەنگاوی کۆتایی شۆڕشی کرێکاریدا نییە.

هاوکات ئەمە بە مانای ئەوەش هەیە، هەرکات چینی کرێکار لە ڕووی ڕێکخراوکردن و یەکگرتوکردنی ڕیزەکانی لە دەوری ئاسۆی سۆسیالیستی، ئامادەیی دەستبردنی بۆ کردەوەیەکی ڕاستەوخۆ سۆسیالیستی پەیدا کرد، بێگومان چاوەڕوانی هیچ پرۆسیس و ئاڵوگۆڕێکی غەیرە سۆسیالیستی ناکات و بێدرەنگ حکومەتی کرێکاری بەرپا دەکات. بەڵام تا کاتێک ئەو ئامادەییە فەراهەم نەبێت، کۆمۆنیزم دەبێت لە خێراترین و گونجاترین دەفەت و کەناڵ سود وەرگرێت بۆ بردنەسەری ئامادەیی زاتی چینی کرێکار. لەم بارەیەوە یەک واقیعیەت هەیە کە هیچ کات تەنانەت پرۆلیتاریای پیشەسازیش بە دروشمی "مەرگ بۆ موڵکایەتی تایبەتی" نایەتە مەیدانەوە. لە هەر دەورەیەکدا کۆمەڵگە لەدەوری کۆمەڵە مەسەلەیەک پۆلارێزە دەبێت و چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە لە دەوری کۆمەڵێک مەسەلەی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانە دێنەمەیدانەوە. کۆمۆنیزم دەبێ وەڵام و ڕێگاچارەی ئەو مەسەلانە هەڵپێکێت لە پرۆسەی شۆڕشی کرێکاری و ڕەخساندنی زەمینە بۆ بردنەسەری توانای شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار لە ڕەوتێکی خێرادا. ئەمە بنەمای دەخاڵەت و گێڕانی ڕۆڵی رابەری کۆمۆنیزمە لەم جۆرە لە شۆڕش و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە. بەڕای من هەر حزبێک نەتوانێ وەڵامی ئەو مەسەلانەی لە هەر دەورەیەکدا کۆمەڵگە پۆلارێزە دەکەن، هەڵپێکێت لەگەڵ شۆڕشی کرێکاری، هەروەها بە پاساوی ئەوەی کە شۆڕشی ڕاستەوخۆ سۆسیالیستی نایەتە خوارەوە، لە ئاست ئەم جۆرە لە شۆڕش و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە دەستەوەستان بمێنێت، مانای وایە بە کردەوە شۆڕشی کرێکاری نەخستوەتە دەستوری کارەوە.

**ئۆکتۆبەر: حزب دەبێ چ نەخشێکی هەبێت لەو پرۆسەیەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەدا ؟ دەبێ چی بکات تا بتوانێ نەخشی شایستەی خۆی ببینێت؟**

ڕێبوار ئەحمەد: حزب ڕۆڵێکی چارەنوسسازی هەیە لەم پرۆسەیەدا. بەبێ حزب زۆر ئەستەمە هیچ ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە بەو ئاقارەدا بڕواتە پێش کە ئاوات و ئامانجەکانی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش دەستەبەر بکات. حزب دەبێ ڕێکخەر و ڕابەری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بێت و هەژمونی ئاسۆی سۆسیالیستی بەسەر ئەم بزوتنەوەیەدا دابین بکات. تەواوی هەنگاوەکانی ئەم ڕەوتە شۆڕشگێڕانەیە تەنها بە پێشڕەوی و دەستپێشخەری حزب مەیسەر دەبێت. ئەگەر بڕیارە ئەم بزوتنەوەیە لە شێوە جۆراوجۆرەکاندا ڕێکخراو بێت، دەبێ حزب ئەم کارە بکات. ئەگەر بڕیار بێت لە هەر ناوچە و شارێکدا هاوسەنگی هێز بواری دا، دەسەڵاتی میلیشیایی ڕابماڵدرێت و لە جێگایدا ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدارێتی جەماوەری بەرپابکرێت، ئەوە ئەمە بە ئامۆژگاری و بانگەوازی خەڵک مەیسەر نابێت، بەڵکو دەبێ حزب خۆی ڕاستەوخۆ ئەو کارە بکات. ئەگەر سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە ئەوە دەخوازێت کە لە ژێر سایە و هەژمونی ئاسۆ بۆرژوازیەکان دەربکێشرێت و لە دەوری ئاڵا و ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانە ڕابگیرێت، دیسان دەبێ حزب ئەم کارە بکات. بەبێ حزبی سیاسی و بەبێ دەستپێشخەری ڕاستەوخۆی حزب و بەبێ ڕاوەستانی حزب هەم لە پشتی بزوتنەوەی نارەزایەتی و هەم لە پێشەوەی هەموو هەنگاوێکی پێشڕەوانە، چونەپێش بە ئاراستەی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی بزوتنەوەی جەماوەری و دەرهێنانی دەسەڵات لە دەستی ئەحزبی میلیشیایی زۆر ئەستەمە. حزب دەبێ هەمیشە لە مەیدان و هەمیشە پێشڕەو و دەستپێشخەر بێت. حزب دەبێ دەستی بزوتنەوەی نارەزایەتی پڕ بکات لە سیاسەت و تاکتیکی کارساز و دروشم و شێوازی گونجاوی خەبات لە هەر برگەیەکدا. دەبێ لە ڕێگای دانی خەتی سیاسی بە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکەوە، ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و هەنگاوی عەمەلی بۆ ڕێکخراوکردنی بزوتنەوەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە. ئەگەر بڕیار بێت ڕابەرێکی شۆڕشگێڕانە بۆ بزوتنەوە جەماوەری لە هەموو ئاستێکدا دابین بکرێت، ئەوە دەبێ حزب ئەم کارە بکات. بەڵام بێگومان بە مانای ئەوە نا کە حزب فەرمان بە ڕابەران و کادرەکانی خۆی بکات بۆ ئەوەی برۆن ببن بە ڕابەری فلان ناوەند و شار و توێژ و فلان حەرەکەتی دیاریکراو، بەڵکو لەسەر بناغەی بەرەسمی ناسینی ئەوەی کە هەموو ئەوانە ڕابەرانی بەکردەوەی خۆیان هەیە، حزب دەبێ بتوانێ ببێتە ئامرازی دەستی ئەو ڕابەرە عەمەلیانە بۆ یەکگرتوو بون و ڕێکخراو بون و دەستڕاگەیشتن بە ئاسۆی سیاسی شۆڕشگێڕانە و شێوازی خەبات و تاکتیکی گونجاو و کارساز. حزب دەبێ ماوەی نێوان خۆی و ڕابەرانی عەمەلی بزوتنەوەی کرێکاری و نارەزایەتی جەماوەری نەهێڵێ و دەستی حزب و دەستی ئەوان بەیەک بگەیەنێ.

بەڵام بۆ ئەوەی حزب توانای ئەنجامدانی ئەم کارانەی هەبێت و ڕۆڵی خۆی بە باشی بگێڕێت، دەبێ حزبێکی

سیاسی بەهێز و دەخاڵەتگەر و ڕیشەدار بێت لە ناو چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە. دەبێ وەکو ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی سەرنگونیخوازی دەسەڵات و بەدیلێکی جێگای ئومێدی کۆمەڵگە خۆی نیشاندات. دەبێ ڕۆڵی ڕابەری بۆ بزوتنەوەی نارەزایەتی و کۆمەڵگە بگێرێت. بەرچاوی ئەم بزوتنەوەیە ڕوناک بکاتەوە، لەمپەرەکانی بەردەمی هەڵتەکێنێ.. دەبێ ببێتە ئامرازێک کە ویست و ئارەزووی جەماوەر بۆهەڵگێرانەوەی ئەم دۆخە، بگۆرێت بە بریار و ئیرادە و هێنانەمەیدانی ئەو ئیرادەیە بۆ تەحقیقی ئاڵوگۆر. حزب جگە لە خستنەرووی نەخشە و پلانی سیاسی و بەرنامە و ڕێگاچارە بۆ گرفتە سەرەکییەکانی ئێستا کە بە رادەی یەکەم بریتین لە "نان و ئازادی و خزمەتگوزاری"، دەبێ بتوانێ ئاڵوگۆری شۆڕشگێرانە مومکین بکات. جەماوەری خەڵک لەسەر ئەوەی کام لایەن باشە و قسەی باش دەکات، بەدیلی خۆیان هەڵنابژێرن، بەڵکو بەدیلێک هەڵدەبژێرن کە ئاڵوگۆریش مومکین بکات. دەبێ نیشانیبدات کە خۆی ئامرازی کارسازی ئەم کارەیە و دەتوانێ ویست و ئارەزووی جەماوەری کرێکار و ئازادیخواز بۆ هەڵپێچانی دەسەڵاتی ئێستا، بگۆرێ بۆ ئیرادەیەک کە بە ڕاپەرینێکی جەماوەری ئەم ئارەزووە بەدیبهێنێت. بۆ ئەم کارە حزب جگە لە رابەریەکی سیاسی و لە سیاسەتی کارساز و تیژ و دەخاڵەتگەر، پێویستی بە رێکخراوەی حزبی تۆکمە و مەحکەم و بەهێز و فراوان هەیە. پێویستی بەوەیە لە کارگە و ناوەندەکانی کار و خوێندن و گەرەکەکاندا، کۆمیتەی کۆمۆنیستی بەهێز پێکبهێنێت. پێویستە پەرە بە مەیلی سۆسیالیستی لە ناو چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخواز بدات و بەهێز و مونسەجیمی بکات ....

**ئۆکتۆبەر: بەو سیفەتەی کە تۆ وەکو یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری سیاسی کۆنگرە دەوری سەرەکیت هەبووە لە ئامادەکردنی باسەکانی کۆنگرەدا، ئەو باس و بەڵگەنامانەی دیکە کە لە کۆنگرەدا پەسەندکران، تا چ رادەیەک دەتوانێ وەڵام بە نەخشەکاری ئایندەی حزب و بردنەپێشەوەی ئەرکە سیاسیەکانی بداتەوە لە پەیوەند بە کۆمەڵگەی کوردستان و بارودۆخی سیاسی کوردستانەوە؟**

ڕێبوار ئەحمەد: کۆنگرە لە ڕوی سیاسیەوە دەستی حزبی پڕ کردوە، پاکێجێکی تەواو لە نەخشەی سیاسی-تاکتیکی و ستراتیژی و عەمەلی لەبەردەستی حزب داناوە. خەت و ئاسۆیەکی سیاسی ڕۆشنی دارشتوە و وەڵام و ڕێگاچارەی مەسەلە و گرێوگۆڵەکانی ئێستای کوردستان و ئەرک و کارە دەستبەجێکانی حزبی دیاریکردوە. ئەودوای کارەکە، واتە ڕاپەراندن و بەرەوپێشبردنی ئەو سیاسەت و نەخشەکارانە و کردنی بە سیاسەت و بەرنامەی کاری بزوتنەوەی جەماوەری، هەروەها پەرەپێدان و ڕێکخراوکردن و ئاسۆدارکردنی ئەم بزوتنەوەیە و بەهرەمەند کردنی لە رابەرییەکی شۆڕشگێر و کۆمۆنیست و گەیاندنی بەو ئاستەی توانای هەڵگێرانەوەی دۆخی مەینەتباری ئێستای هەبێت، کەوتوەتە سەر حزب بە گشتی و ڕابەری حزب بە تایبەتی. لەم بارەیەشەوە کۆنگرە توانا و تین و تەوژم و ئامادەییەکی باشی لە حزبدا خولقاندوە و تیمێکی ڕابەری باش و بە توانای بە حزب بەخشیوە. ڕابەریش خۆی بۆ ڕاپەراندنی ئەو نەخشەکارانە ئامادە کردووە. ئارایشی تازەی ڕابەری حزب کە لە پلینیۆمی دوای کۆنگرە بریاری لێدرا، لە بنەرەتدا ئەمەی لەبەرچاو گرتوە و بۆ ئەم مەبەستە بوو. هیوادارم بەو جۆرەی پلانی بۆ دانراوە بە کردەوە برواتە پێشەوە.

★

**لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، شۆڕشی کرێکاری تاکە وەڵامی شۆڕشگێرانەیە بۆ سەرجەم کێشەکان و کۆتاییهێنان بە نایەکسانی و ستەم و چەوسانەوە. لەمرۆی کوردستاندا، چینی کرێکار وەکو هێزی ئەسڵی ئەم شۆڕشە گەشە و پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە؛ هەم لەرووی زیادبونی ژمارەی ئەو بەشە لە دانیشتوان کە ناچارن هێزی کاریان بفرۆشن بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن؛ هەم لەڕووی چاوکرانەوە و درککردن بە بەرژەوەندی چینایەتی جیاواز و سەربەخۆیان؛ هەم لەڕووی ئاشنابوون بە زانست و تەکنەلۆژیا و چوونەسەری ئاستی هوشیاری سیاسی و ڕێکخراوبون و شێوەکانی خەباتەوە. ئەمە هێزی لەبن نەهاتوی شۆڕشی کرێکاریە، کە ئەو شۆڕشە دەکاتە کارێکی کردەنی. بەڵام سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە گرەوی ئەوەدایە کە ئەم چینە لە ڕیزی سەربەخۆی خۆیدا، هەم لە حزبی کۆمۆنیستی و هەم لە شورا و سەندیکا و یەکێتیە کرێکاریەکاندا ڕێکخراو و یەکگرتوو بێت، چ بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەران و داخوازیە ڕۆژانەکانی و چ بۆ بەدەستەوە گرتنی ئاسۆ و سیاسەتی سۆشیالیستی و گێرانی ڕۆڵی پێشەنگی گشت جەماوەری ستەمکێش لە ئاڵوگۆری شۆڕشگێرانەدا........**

**"مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆری شۆڕشگێرانە" - پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەم.**

# کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەرکەوتانە کۆتایی بەکارەکانی هێنا!

لە ڕۆژانی ١٤ و ١٥ کانونی دووەمی ٢٠٢٢ و بەئامادەبونی زۆرینەی نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی حزب لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وولات، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە میوانان کە پێکهاتبون لە هەڵسوڕاوانی نێو نارەزایەتیە جەماوەریەکان وبەرپرسیارانی هەڵقە سۆسیالیستیەکان و بەئامادەبونی شاندێک لە مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان.حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کۆنگرەی شەشەمی خۆی لە نێو کەش هەوایەکی حەماسی و شۆڕشگێرانەدا، بەست.

سەرەتا کۆنگرە بە سرودی ئەنتەرناسیونال و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و سۆشیالیزم دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. پاشان کۆنگرە دەستیکرد بە بریاردان لەسەر یاسایی بوونی هەڵبژاردنە تایبەتیەکان بە تەواوکردنی ڕێژەی یاسایی نوێنەران و دروستی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، کەتیایدا هاوڕێ فارس مەحمود سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان ڕاپۆرتێکی ووردی سەبارەت بە میکانیزمەکان و پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەران خستەڕوو، دواتر بە تێکرای دەنگ یاسایی بونی هەڵبژاردنی نوینەران و کۆنگرە پەسەند کرا، هەروەها بڕیاری ڕێساکانی( زەوابیت) بەڕێوەبردنی کۆنگرە و کۆبونەوەکانی و بەرنامەی کارەکانی کۆنگرە پەسەندکران. کە بریتی بوون لە:

١-ڕاپۆرتی سیاسی سکرتێری کۆمیتە ناوەندی لە نێوان هەردوو کۆنگرەی پێنجەم شەشەم.

٢-بارودۆخی سیاسی لە عێراق و سیاسەتی کرداری حزب.

٣-کۆنگرەی سەرتاسەری نوێنەرانی شورا جەماوەریەکان ، ئەلتەرناتیڤی دەسەلآتی میلیشیا دەسەلاتدارەکانە.

٤-سەبارەت بەرزگاری ژنان و داواکاریە دەستەبەجێکانیان.

٥-سەبارەت بە بزوتنەوەی کرێکاری و ئەرکەکانی حزب.

لە ووتاری دەستپێکی کۆنگرە هاوڕێ سەمیر عادل باسی لە گرنگی و جێگا وڕێگای ئەم کۆنگرەیە کرد لە نێو ئەو بارودۆخی سیاسیە هەستیارەدا کە کۆمەڵگا لە عێراقدا پێی دا تێپەڕدەبێت.هەروەها پێویستی دەخالەتی کۆمۆنیستی لە پێناو ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لەو کابوسە تاریکەی کە ڕەوت و هێزە بۆرجوا قەومی و دینی وتایەفیەکان بەسەر کۆمەلگادا دایانسەپاندوە. بەرنامە کاری کۆنگرە جەختی لەسەر هەوڵەکانی حزب کردەوە و بۆ بەهێزکردنی بزوتنەوەی جەماوەری ونارەزایەتیەکان لە پێناو کۆتایهێنان بەدەسەلآتی هێزە میلیشیا ئیسلامی و قەومیە گەندەڵ و تاوانبارەکان. بە دوای ئەمانە نامەی ڕێکخراو وئەحزابەکان بۆ کۆنگرە خوێندرانەوە. کە لەوێدا نامەی (بزوتنەوەی دیموکراتی لە پێناو سۆسیالیزم) لە یابان خوێندرایەوە و هەروەها وتەی حزبی حیکمەتی (خەتی ڕەسمی)، هەروەها ئەبو وەتەن سەرۆکی یەکێتی گشتی سەندیکای کرێکاران لە عێراق بەم بۆنەیەوە وتەی پێشکەش کرد، و بروسکەی پیرۆزبایی سەعید نیعمە سەرۆکی یەکێتی گشتی سەندیکای کرێکاران وفەرمانبەران لە عێراق خوێندرایەوە. هاوڕێ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان سەبارەت بەگرنگی ئەم کۆنگرەیەی قسەوباسێکی کرد وئاماژەی بەوە کرد کە ئەم کۆنگرەیە دەتوانێت لەم بارودۆخەی ئێستادا چ نەخشێکی هەبێت.

کۆنگرە لە سەرجەم گفتوگۆ وبریارەکانیدا کە لە بەرنامەی کارەکانیدا، بریاریان لەسەری درا، جەختی لەسەر یەک مەسەلەی سەرەکی کردەوە، کە ئەویش بریتی لەوەی کە سادەترین هەنگاو بۆ باشترکردنی ژیانی وگوزەرانی جەماوەر و هاتنەدی داواکاریە جەماوەیەکان وەک کرێکاران وژنان و سەرجەم جەماوەری زەحمەتکێش، بەتەنها و بەتەنها بەندە بە ڕامالینی ئەم دەسەلآتەی ئێستا لە ژیانی کۆمەڵگا.

لە برگەی ڕاپۆرتی سکرتێری کۆمیتە ناوەندی لەنێوان دوو کۆنگرەدا، سەمیر عادل تێروانینێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی سەبارەت بە کارەکانی حزب لە قۆناغی ڕابردودا خستەڕوو. کەتیایدا ئاماژەی بە گرنگترین قۆناغ و ئەو ویستگانە کرد کە حزب پێیدا تێپەڕیون، لەم بارەیەوە چ بە هەڵوێستگیری و بە کرداری لەمەیدانی سیاسیدا مامەڵەی لەگەڵ کردون و تییدا ئاماژەی بەو خاڵە لاواز و بەهێزانە کرد، کەحزب لەو قۆناغەدا هەیبوە.

لە برگەی بارودۆخی سیاسی و سیاسەتی کرداری حزب، سەمیر عادل باسی بارودۆخی سیاسی و ڕووەندەکانی ئەم پرۆسەیە لە ئێستادا و سروشتی قەیراناوی دەسەلآتی بۆرجوازی و( پرۆسە سیاسیە) کەی، و ڕۆشنگەری خستە سەر داخرانی ئاسۆی سیاسی ئەم دەسەلآتە بە شێوەیەکی ڕەها.هەروەها باسی لەوەکرد کە ئەم لایەنانە سەرەڕای هەر ناکۆکی و ململانێ سیاسیەکانی نێوانیان، بەلآم بەتێکرا هاوران لەسەر سیاسەتی هەژارکردنی چینی کرێکار و سەرجەم جەماوەری زەحمەتکێش و بێبەش. لەدرێژەی قسەکانیدا هاوڕێ سەمیر هێڵە گشتیەکانی سیاسەتی حزب وئەرکە دەستبەجێکانی لەم قۆناغەدا دیاریکرد.

سەبارەت بە ئەلتەرناتیڤی سیاسی حزب بۆ دەسەلآتی ئێستای کە لە عێراقدا هەیە، هاوڕێ فارس مەحمود ئەو بڕیارە پێشنیارکراوەی خستەڕوو کە بۆ

کۆنگرە پێشکەش کراوە، لە ژێر ناونیشانی (کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستایە) کە تیایدا ئاماژەی بەوەکرد ئیدی کاتی کۆتایهێنان بەتەمەنی ئەم دەسەڵاتە هاتوە، و جەختی لەسەر هاتنە مەیدانی راستەوخۆی جەماوەرکرد، لە پێناو گرتنەوەی چارەنوسی خۆیان لەدەستی هێزەکانی دژە جەماوەر و تەنها رێگای دروستیش خۆی لە پێکهێنانی بزوتنەوەیەکی شورایی سەرتاسەری وبەرفراواندایە، کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە دەستی هێزە بۆرجوا میلیشیاکان دەستێنێتەوە ودەبێتە ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی بۆ ئەم دەسەڵاتە. هەروەها هاوڕێ فارس هێلە گشتیەکان وئەرکە دەستبەجێیەکانی دەسەڵاتی شورایی دیاریکرد کە دەکەوێتە ئەستۆیان و جەختیشی لەو راستیە کردەوە کە ئەوە خودی لایەنەکانی دەسەڵاتە کە رۆژ لە دوای رۆژ شکستی و ئیفلاسیی سیاسی خۆیان و دەسەڵاتەکەیان دەخەنە رووی.

سەبارەت بە بەڵگەنامەی (لە پەیوەند بە رزگاری ژنان و داواکاریە دەستبەجێکانیان) هاوڕێ نادیە مەحمود دەربارەی بارودۆخی ژنان قسەوباسێکی پێشکەش کرد، کەتیایدا ئاماژەی بە پێویستی هێنانە مەیدانی بزوتنەوەیەکی بەرفراوانی ژنان کرد، لە پێناو کۆتایهێنان بە هەموو جۆرە ستەم و چەوساندنەوەیەک کە دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێت، هەروەها جەختی لەو راستیە کردەوە کە ئەم مەسەلەیە دەبێ ببێتە مەیدانێکی سیاسی بۆکاری حزب، ئەمەش لە پێناو برەودان بە بارودۆخی ژنان و خەباتەکەیان، هەروەها ئاماژەی بەو هێڵە بنچینەییانەکرد کرد کە داواکاریەکانی ژنان لەم قۆناغەدا لە خۆ دەگرێت.

هەروەها سەبارەت بە بەڵگەنامەی (بزوتنەوەی کرێکاری و ئەرکەکانی حزب) ئەبو وەتەن دەربارەی بارودۆخی چینی کرێکار لە عێراق قسەوباسێکی پێشکەش کرد، ئاماژەی بەو هێرشەکرد بەرفروانە کرد کە چینی کرێکار کە لەسەرجەم بوارەکانی ئابوری وکۆمەلایەتی و رێکخراوەییەوە دووچاری دەبێتەوە ، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی تێروانینێکی گشتگیری خستەروو سەبارەت بەو ئەرکانە کە حزب پێویستە لەم بارەیەوە جێبەجێی بکات، ئەمەش لەپێناو برەودان بە بزوتنەوەی کرێکاری و گەشەدان بە خەباتەکەیان و توانایی سیاسیان.

سەرجەم ئەو برگانەی کە لەبەرنامەکاری کۆنگرەدا هەبوون بە شێوەیەکی جدی و بە گیانێکی خەباتکارانەوە گفتوگۆیان لە سەرکرا لە لایەن نوێنەرانی کۆنگرە و میوانانەوە، کە بەئامانجی برەودان بە کاری حزب و بەدیهێنانی ئەو ئەرکانەی کە کەوتۆتە سەرشانی لە پێناو گۆرینی بارودۆخی کۆمەڵگا و بردنە پێشەوەی بەرەو بەدیهێنانی ئەلتەرناتیڤ و شۆرشی کرێکاری وسۆسیالیستی.

لەبرگەی بریارەکان، سەرجەم ئەو بەڵگەنامانەی کە لە کۆنگرە خرانەروو بریاریان لەسەردرا، هەروەها جەخت لەسەر پەسەندکردنی چوارچێوە گشتیەکانی کرایەوە و دواتریش پسپێردرێت بە کۆمیتە ناوەندی بەمەبەستی ووردبینی کردنیان لەسەر بنەمای ئەو گفتوگۆیانەی کە ئامادەبوان لەبارەیەوە ئەنجامیاندا، هەروەها بە تێکرای دەنگ کۆمەڵێک بریارنامە پەسەند کران لەوانە ( سەبارەت بە دیفاع لە سکۆلاریزم و مەدەنیەتی کۆمەڵگا)، ( سەبارەت ئالودەبون)، (سەبارەت بە ژینگە وکاریگەری کەش وهەوا لەسەر ژیانی مرۆڤ لە عێراق)، سەبارەت بە گۆرانکاری لە بەڵگەنامە بنچینەییەکانی حزب. هەروەها کۆنگرە بریاریدا لەسەر دەرکردنی چەند پەیام و بانگەوازێک بۆ جەماوەری عێراق، چینی کرێکار و ژنان لە عێراق.

لە برگەی هەڵبژاردندا، کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە ١٨ ئەندام ئەوانیش: تۆما حەمید، عەمار شەریف، عادل ئەحمەد، علی ئەحمەد، سائیر سەلیم، هومام ئەلهومام، ئەسعەد تالیب، خەلیل ئیبراهیم، رزگار عبدللە، سەمیر عادل، عەواد ئەحمەد، فائیز عەبدولکەریم ، نادیە مەحمود، تالیب محەمەد، سوبحی البدری، قاسم هادی، فارس مەحمود، ئەحمەد عەبدولستار.

لە وتاری کۆتایی کارەکانی کۆنگرە، سەمیر عادل خۆشحالی و دەستخۆشی خۆی سەبارەت بەکەشی کۆنگرە وئەو روحیەتە بەرزەی گیانی خەباتگێرانەی کە ئامادەبوانی کۆنگرە بەگشتی نیشانیان دا، سوپاسی سەرجەم ئەو کەسانەی کرد کە نەخشیان هەبوو لە سەرکەوتنی کۆنگرەکەدا، هەروەها جەختی کردەوە لەسەرپێویستی گۆرینی ئەنجامگیریەکانی کۆنگرە بۆ کرداری سیاسی بەرفراوان وچالاک لە پێناو بەهێزکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری وکرێکاری و ژنان بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی دیکەی ئینسانی و سۆسیالیستی.

**کۆمیتە ناوەندی حزبی**
**کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**
**١٦ کانونی دووەمی ٢٠٢٢**

**ناکرێ لەوەزیاتر هەژاری و نەداری، بێکاری و بێمافی و ئەو ستەمگەریە تەحەمول بکەین کەئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی و حکومەت و دەسەڵاتەکەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەکانیان، بەسەر ژیانی ئێمەوە رایانگرتووە، ئیتر کاتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن خودی خەڵکی کوردستانەوە.**

# درێژەی...کرێکاران وهەڕەشەی لەسەر کاردەرکردن!

**خەسرەو سایە**

یەکگرتوبونیان لەتو پەت دەکا ومونافەسەی مانەوە لەسەر کار، لەنێو کرێکاراندا پەرەپێدەداو دەستی خاوەنکارەکان ئاوەڵاتر دەکات کەزاڵمانەتر رووبەڕوی کرێکاران و هەرجۆرە نارەزایەتیەکیان ببنەوە. بەتایبەتیش لەدۆخێکدا کەلەکوردستان نە یاساکارێکی تایبەت بەکرێکاران هەیە و نەحکومەت و وەزارەتی کارو نەسەندیکا ودادگای کاریش رۆلێکی ئەوتویان لەچارەسەری کێشەکانی نێوان خاوەنکارو کۆمپانیاو کرێکاراندا هەیە. تەنانەت پەرشوبلاوی ریزی کرێکاران و نارەزایەتیەکانیان وبەهەرەمەند نەبونیان لەرێکخراوەی پایەدار وسەربەخۆی خۆیان، لەچەشنی شوراو سەندیکا، هێندەی تر فرسەتێکی گەورەی داوەتە دەست خاوەنکارو کۆمپانیاکان تا بەئارەزوی خۆیان ئەم بەلایە بەسەر سەری کرێکارانەوە رابگرن و هەرەشەی لەسەرکار دەرکردن بکەنە شمشێرێک بەسەر سەریانەوە، تا ناچاریان بکەن مل بەدۆخێکی سەختی کارو بێمافی بدەن وبەکرێی کەم وسەعاتکاری زۆر وبەبێ پێدانی هیچ جۆرە ئیمتیازاتێکی تر بیانکێشنە مەیدانی کارەوە. ئەو هەوالانەش کەلەم بارەوە لەکارگەو کۆمپانیاکانەوە دەگوازرێنەوە، دیسانەوە ئەو راستیەمان پێدەلێت، کەخاوەنکارو کۆمپانیاکان، بەمەبەستی چاوچنۆکی وقازانجپەرستیان رۆژ نییە کرێکارانی بندەستیان بەدەرکردن لەسەر کارەکانیان نەترسێنن وبێدەنگ رایان نەگرن. بەمجۆرەش هاوسەنگی هێز لەنێوان کرێکاران و خاوەنکارەکاندا، بەیەکجاری لاسەنگ و بەزەرەری بزوتنەوەی کرێکاری شکاوەتەوە. بەلام ئەم دۆخە ریشەکەی لەکوێدایە؟

سیستەمی کارو وەبەرخستنی کرێکاران، لەکوردستاندا، بەیەکجاری زاڵمانەو یەکلایەنە لەدەستی خاوەنکارو کۆمپانیاکاندایە. بەجیا لەبێکارییەکی بەربلاو کەلەکوردستاندا هەیە، هاوکات بوونی لەشکرێکی ئامادەبەکار کە بەدوای فرسەتی کاردا دەگەڕێ وئەمەش چانسی زیاتری داوە بەخاوەنکارەکان تائەوەی بۆی دەگەڕێن، یانی کاری هەرزان و کرێکاری بێدەنگ، بەلێشاو چنگیان کەوێت. هاوکات لەئێستادا جۆرێک لەسیستەمی سەرمایەداری لەکوردستان کاردەکات، کەئەحزابی حاکم ناوایان ناوە بازاڕی ئازاد، ئەمە بەو مانایەی کەدۆخی کارو ژیانی نەک هەر کرێکاران، بگرە جەماوەرێکی کەمدەرامەتی سپاردووە بەمونافەسەی نێوان سەرمایەو خاوەن کارو کۆمپانیاکان. لەم نێوەدا ئەوە خودی هەر ئەو حزبانەی کە دەسەلاتدارن وحکومەت بەرێوەدەبەن، خۆیان لەپشتەوە بەئاشکراو نهێنی بونەتە کۆمپانیاو خاوەنکارێکی مۆنۆپۆل وئەو سیستەمەیان لەکار داسەپاندووە کەهەڕەشەی دەرکردن لەسەرکاری بەرامبەر بەکرێکاران کردۆتە یەکێک لەو رێگایانەی کەکرێکاران ملکەچ دەکات بەهەموو مەرجێکی سەرمایەداران ودۆخێکی سەخت وپڕ چەوسانەوە. چونکە ئەمە یەکێکە لەو میکانیزم و رەوشتانە کەخاوەنکار بەهۆیەوە دەتوانێت قازانج و سەرمایەی لەرادەبەدەر کەڵەکەو کۆبکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە هەرخودی ئەم حزبانەو حکومەتەکەیان، جگەلەوەی "سیستەمی دامەزراندنی مەرکەزی" یان هەلوەشاندۆتەوەو هاوکات، مەسەلەی دامەزراندنی هەر کرێکارێکیان کردۆتە بەشبەشێنەی خۆیان و بەبێ تەئیدی حزبی کەم کەس دەتوانێ کارێکی گونجاو وشایستە لەبازاڕی کاردا دەستکەوێت. بەم جۆرەش مەسەلەی زەمانەتی کار ولەسەر کارمانەوە، چۆتە قورگی شێرەوە و هیچ کرێکارێک دڵنیا نیە کەی وبەچ پاساوێک لەسەرکارەکەی دەردەکرێ. لەوەها دۆخێکدایە کەملکەچ پێکردنی کرێکاران، یەک واقعیەتی تاڵ وبەردەوامی ئەم سیستەمەی بازاڕی ئازادە کەچینی دەسەلاتدار دای سەپاندووە.

بەلام ئەگەر وردتر لەم سیستەمە وردبینەوە ئەوا ئەو راستیە بەرۆشنی دەبینین کەخاوەنکار وکۆمپانیاکان، نەک هەر لەلایەن دەسەلاتدارانەوە پشتیوانی دەکرێن ولەرێگای "دەسەلاتی وەبەرهەمهێنانەوە" زەوی و قەرز و کارەباو سوتەمەنی ودەیان ئیمتیازی تریان لەدەرەوەی نرخی بازاڕ پێدەدرێت، بەلکو دەسەلاتی تەواویان هەیە لەسەرو یاساوە چۆنیان بوێت وبخوازن ئاوا کرێکاران کارپێبکەن. لەمەشدا تا ئەو جێگەیەی بۆیان بکرێ وبۆیان بچێتە سەر یەکلایەنە دەیان مەرجی سەخت وزاڵمانە، رووبەروی کرێکاران دەکەنەوەو ئەگەریش کرێکاران پەیرەوی لێنەکەن ئەوا لەسەرکارەکەیان دەردەکرێن، کەوایە سیستەمەکە بەجۆرێکە کەکرێکاران مل بەهەمو شتێک بدەن و نەشتوانن هیچ داواو داخوازیەک لەخاوەنکار بکەن.

لایەنێکی تری ئەم سیستەمەی کار لەهەرێمی کوردستان گرێ دەخواتەوە بە مونافەسەو "مونافەسەی کۆمپانیاکان" خۆیانەوە، واتە "سیستەمی پەیمانکاری وگرێبەستەکان". پەیمانکاری بەو مانایەی کە هەر کۆمپانیایەک کەپرۆژەیەک لەحکومەت بەگرێبەست وەدەگرێ، کەتێیدا کۆمپانیاکە پەیوەست کراوە بەکۆمەلێک مەرجەوە کەبەرۆشنی ماوەی پرۆژەکەو بری کرێی و سەعاتکاری رۆژانە وژمارەی کرێکارانی تێدا جێگیرکراوە، بەلام خودی ئەم پەیمان بەستنەی کۆمپانیاکە ئەو مافەشی پێداوە کەبەئاسانی بتوانێ دواتر پرۆژەکە بەهەرزانتر بەکۆمپانیایەکی تر بفرۆشێتەوە وئەویش ئەگەر نەی فرۆشێتەوە بەکەمتر ئەوا کرێکارەکانی ژێر دەستی وابەستە بەگرێبەستێک دەکات کەهەموو مەرجەکانی خاوەن کۆمپانیا تازەکە

دایناوە و هەر ئەوەش بەسەر کرێکارەکانیدا دادەسەپێنێت. مەرجەکانیش بەرۆشنی لەسەرو یاساوەیە وتەنانەت دژ بەهەمووئەو مافە کەم ونیوە ناچلەشە کەیاسا کارپێکراوەکان لەهەرێمدا داویەتی بەکرێکاران. لەمەش زیاتر ئەم جۆرە لەسیستەمی کار کاتێک دێتە سەر گرێبەستی نێوان کرێکارانو خاوەنکارەکان یەکتەرەفە بەکرێکارەکان ئیمزا دەکرێ، بەبێ ئەوەی هیچ داواو مافێکی کرێکاران تێیدا لەبەرچاوگیرابێت. بەواتایەکی تر ئەوەی کرێکاران لەگرێبەستەکانیاندا لەسەریانە تەنها لێدانی ئیمزاکەیەتی، ئەویش بەئیجباری بۆئەوەی کارەکەی پێبدرێت. دواتریش ناچارە مل بەهەموو ئەو مەرجانە بدات کەخاوەنکارەکە پێشتر لەگرێبەستەکەدا جیگیری کردووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەپێی یاسا دەبێ گرێبەستی کار دولایەنە بێت، واتە کرێکارەکە یان خۆی وەیا بەنوێنەرایەتی کرێکاران، لەناوەرۆکی کارەکە ومافەکانی ئاگادار بێت. کاتێکیش گرێبەستی کار بۆ کرێکاران ئیجباری و ناچاری بێت، ئەوا لەسەرکاردەکردن دەبیەت مافێکی بێئەملاوئەولای خاوەنکارو کۆمپانیاکان ودەتوانن بەبێ هیچ یاساو ڕێسایەک یەکلایەنە کرێکاران لەسەرکارەکەیان دەربکەن. تەنانەت ئەوەش پشت گوێ بخەن کاتێک کرێکارەکە بێکار دەکرێت، هیچ موچەیەکی پێنەدرێت تا لەدەورانی بێکاری وگەڕان بەدوای کاردا، لانیکەم ژیانی خۆی وخێزانەکەی پێ زامن بکات. ئەمە ئەو دۆخەیە کەچینی دەسەڵاتدار بۆ کرێکارانی خوڵقاندووە وچەکی لەسەرکاردەرکردنی سپاردووە بەخاوەنکارو کۆمپانیاکان وناویان لێناوە "بازاڕی ئازاد".

بەلام کرێکاران دەبی چی بکەن وچۆن ڕووبەڕووی ئەم دۆخە ببنەوەو شمشیری لەسەر کاردەرکردن لەدەستی خاوەنکارو کۆمپانیاکان دەربهێنن؟

بێگومان وشیاری کرێکاران بەدۆخی خۆیانو یەکگرتووبون ولەمەیداندا ڕاوەستانیان، تەنها ڕێگایەکە نەک هەر بۆ بەدەستهێنانی داخوازیەکانی ڕۆژانەیان، بەڵکو ئەزمونی خەباتی کرێکاران ئەوەی سەلماندووە کەهەر لەم ڕیگایەوە دەتوانن ڕووبەڕوی هەر دەستدرێژی وهەڕەشەیەکی خاوەنکارو کۆمپانیاکان ببنەوە و بەهێزی یەکگرتوو و ڕیکخراوبونی خۆیان هاوکێشەکە پێچەوانە بکەنەوەو ڕێگانەدەن زوڵم وزۆری سەرمایەداران ببێتە دۆخێکی ئاسایی بەسەر ژیانو کاری کرێکارانەوە. ئەزمونی خەباتی کارمەندان و کرێکارانی سکیوریتی لەکارگەی دەلتا و ڕاوەستانەوەیان بەڕووی بڕیاری لەسەرکار دەرکردنی کرێکاران ئەو دەرسەی سەلماند کاتێک کرێکاران یەکگرتوو دێنەمەیدانی نارەزایەتیەوەو بەپشتیوانی یەکتر، ماندەگرن وچەرخەکانی کار ڕادەگرن ودەرگای کارگەکان دەبەستن، ئەتوانن ببن بەو هێزەی نەک هەر بڕیارەکانی خاوەنکار هەڵوەشێننەوە، بگرە بەخواستەکانی خۆیان لەڕاستای باشکردنی دۆخی کارو ژیانی خۆیان بگەن. بەڵام کاتێک کەکرێکاران لەپەیوەند بەگرێبەستەکانەوە لەگەڵ هەڕەشەی لەسەرکار دەرکردن بەرەورِوو دەبنەوە ئەوا یەکەمین هەنگاو کەدەبێ لەبەرچاوی بگرن بونیانە بەتەرەفی دووم لەئیمزاکردنی گرێبەستەکاندا. واتە دەبی بەکردەوە هیچ گرێبەستێک بەبێ ڕاوێژ وئامادەگی نوێنەرایەتی کرێکاری چ بەتاکۆ چ بەکۆ لەهەر گرێبەستیکدا ئیمزا نەکرێ وهاوکات دەبێ خاوەنکار ئەم مافەی کرێکاران بەڕەسمی بناسێ و ناچاربکرێ بەپەیرەوی لێکردنی. لێرەوەیە نوێنەرایەتی کرێکاری وئیعتبارپێدانی دەبێتە ئەڵقەیەک بۆ دەخالەتی کرێکاران خۆیان وبۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوس و زامنبوونی کارەکانیان، بەتایبەتیش کاتێک کە هێزی یەکگرتووی کرێکاری لەدەوری خواستی "لەسەرکاردەرکردنی کرێکاران بەبێ ڕاوێژ وبڕیاری نوێنەرایەتی کرێکاران قەدەغەیە" دەبێتە خالێکی ئاگایی ویەکخستنی ڕیزی کرێکاران. بەدڵنیایەوە گەیشتن بەم خالە ئەوا زۆر بەسادەیی هیچ خاوەنکارێک ناتوانێت بڕیاری یەکلایەنە لەسەر کاری کرێکاران بدات و بەئارەزوی خۆی لەسەرکار دەریان بکات. لەمەش زیاتر ئەگەر هەوڵوتێکۆشانی کرێکاران بەوە بگات نوێنەرایەتی کرێکاری لەگرێبەستەکاندا جێبخاو وەک تەرەفێک لەبەرامبەر خاوەنکارەکاندا ڕۆڵ بگێرێت، ئەوا لەوکاتانەشدا کەخاوەنکارو کۆمپانیاکان پرۆژەکانیان بەکۆمپانیایەکی تر بفرۆشرنەوە، وەیان لە"موناقەسەدا" جارێکی تر ئالۆگۆڕ بەسەر ئاستی کرێ وماوەی کاری پرۆژەکەو سەعاتکاری ڕۆژانەدا بێت، ئەوا دیسانەوە، خاوەنکار ناتوانی هەروا بەئاسانی و یەکلایەنە بڕیار لەچارەنوسی کار وکرێی کرێکاران بدات. چونکە نوێنەرایەتی کرێکاری پێشتر ئەو فرسەتەی هەبووە کەچۆن لەگەڵ خاوەنکارەدا ڕێکەوتووەو چ مەرجێکی بەقازانجی کرێکاران لە هەرگرێبەستێکدا جێگیرکردووە. ئەمەش بەمانای ئەوەدێت کەئیتر گوێزانەوەی پرۆژەکان لەکۆمپانیایەکەوە بۆ کۆمپانیایەکی تر، ناتوانێ ڕاستەوخۆ لەسەر کاردەرکردنی کرێکاران وەک بڕیارێکی یەکلایەنە لەدەستی خاوەنکارو کۆمپانیاکاندا بهێلێتەوە. کەوایە ئەگەر کرێکاران دەیانەوێت هەڕەشەی لەسەرکاردەرکردن لەدەستی خاوەن کار وکۆمپانیاکان دەربهێنن ئەوا دەبێ خەباتی خۆیان لەدەوری خواستی لەسەر کاردەرکردنی کرێکاران بەبێ راوێژو بڕیاری نوێنەرانی کرێکاری قەدەغەیە" هەر لەئیستاوە یەکگرتووانە چڕبکەنەوە.

★

**ڕێکخراوبوون گرنگترین چەکی دەستی کرێکارانە بۆ گەیشتن بە ماف و داواکاریەکانیان!**

# داعش وەکو کارتی فشار!

موحسین کەریم

کۆتایی هاتنی خەلافەتی داعش، کۆتایی مێژووی ئەو ڕەوتە تیرۆریستیە بوو کە لە بنباڵی ئەمریکاو تورکیاو وولاتانی کۆنەپەرستی وەکو ئیمارات و سعودیەدا چەکەرەی کردو لەماوەیەکی کەمدا پانتاییەکی گەورە لە خاکی عێراق سوریای خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و دەیان هەزار چەکداری ئیسلامی لە سەراسەری دنیاوە بۆخۆی کێش کرد. داعش لە ململانێی نێوان ئەمریکاو روسیاو هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، سەری هەڵداو پوکایەوە. داعش ئیتر ئەو هێزە نەما کە ئەفسانەی دەخولقاندولە هەولێرەوە تا بەغدا لەبەردەمیدا هەڵدەهاتن.

داعش بوە هێزێکی هەڵوەشاوەی بێ سەروو بێ ناونیشان کە جارجارە لە جێگایەکی عێراقەوە، چەند چەکدارێک بەناویەوە کردەوەیەکی پارتیزان ئاسایان دەکردو تەواو. بەشێکی زۆری چەکدارەکانیشیان لە زیندانەکانی "هەسەدە"دا دەستبەسەر و ئەسیرن!

بەڵام رووداوەکەی زیندانی حەسەکە، پەیامێکی دیکە دەگەیەنێ! کردەوەیەکی سەربازی لەوجۆرە رێکخراو و هاوکات یاخیبوونی زیندانیەکانی داعش و دەستگرتن بەسەر چەکی ناو زیندانەکەدا و هەروەها شەرکردن بۆماوەی سێ رۆژ لەناو شاردا و لەژێر دەسەڵاتی هەسەدەدا و لەژێر بۆردومانی فرۆکە جەنگیەکانی ئەمریکادا، شتێک نیە بێجگە لە دەستبردنەوە بۆ کارتی فشاری داعش لە دەورەیەکی نوێی قوڵبوونەوەی ململانێی ئەمریکاو روسیا لە مەسەلەی ئۆکرانیا لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە هەلومەرجێکی سیاسی ناجێگیرو پر پشێوی ئێستای ناوچەکەو بەتایبەتی عێراق، کە بوەتە مەیدانی ململانێی راستەوخۆی ئەمریکاو ئێران لەسەر ساغکردنەوەی حکومەتی داهاتووی عێراق، کە هەریەکە دەیەوێ بەلای خۆیدا رایبکێشێت.

راستیەکەی هێشتنەوەی ئەو چەند هەزار زیندانیەی داعش لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی هەسەدەدا و گوێ لێخەواندنی ئەمریکاو وولاتانی رۆژاوا بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە، کە چارەنوسی سیاسی دەسەڵاتە خۆبەرێوەبەریەکەی هەسەدە نادیارەو هەڵواسراوە، مەترسیەکی جدیە لەسەر خەڵکی ناوچەکەو دەتوانی هەمیشە کارتێکی فشار بێت بەدەستی ئەمریکاو وولاتانی کۆنەپەرستی وەکو تورکیاوە بۆ مامەڵەو سەودای سیاسی و بۆ تێکدانی بارودۆخی ئەمنی و ژیانی خەڵکی عێراق و سوریا لەپێناو بەرژەوەندیە گڵاوەکانی خۆیاندا. بۆیە قبوڵکردنی هەسەدە بۆ راگرتنی ئەو هەزاران زیندانیە تیرۆریستانەی داعش مەترسیەکی گەورەیە لەسەر خەڵکی کوردستانی سوریا بەتایبەتی و خەڵکی عێراق و سوریا بەگشتی.

دەبێت فشار بۆ ئەمریکاو وولاتانی ئەوروپا و روسیا بهێنرێت کە چارەنوسی ئەو داعشانە یەکلایی بکەنەوەو ئەو بەرپرسیارێتە سەختەو خەتەرناکە نەخەنە ئەستۆی هێزەکانی هەسەدە!

**کارنامەی ٣٠ ساڵی دەسەڵاتی حزبە ناسیونالیستەکان، بە جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخوازی نیشانداوە کە ئەو دەسەڵاتەی ئەم حزبانە بەناوی دەسەڵاتی خەڵک و سەرچاوەگرتوو لە ئیرادەی ئەوانەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، نەک هەر دەسەڵاتی خەڵک نییە، بەڵکو لەسەر بناغەی پێشێلکردنی ئیرادە و مافەکانی ئەوان دامەزراوە. ئەم کارنامە ٣٠ ساڵیە شتیک نییە جگە لە بردنی کۆمەڵگە بۆ ناو شەڕ و کوشتاری کۆنەپەرستانەی ناوخۆیان لەسەر دەسەڵات، بوونیان بە پاشکۆی زلهێزە جیهانیەکان و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و راپێچکردنی کوردستان بۆ ناو سیناریۆ تەڵخەکان، گەندەڵی و تاڵان و بڕویی بێسنوری داهاتی کۆمەڵگە، سەرکوتی ئازادی و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان و نەیارانی سیاسی دەسەڵات، تیرۆر و ڕەشەکوژی بەربلاوی ژنان و ... تاد. ئەمانە بوونە زەمینە و بنەماکانی پەرەگرتنی ئەو بزوتنەوەی ناڕەزایەتیە جەماوەریە کە لە ١٧ی شوبات و خرۆشانە جەماوەریەکانی دیکەدا بە دروشمی "بڕوخێ" و بەدەنگی بەرز "نا" وتن بەم دەسەڵاتە پێی ناوەتە مەیدانەوە. هەرچەندە بەردەوام ئەم بزوتنەوەیە سەرکوت کراوە، بەڵام خواست و ئامانجەکانی بەهێزی خۆیەوە ماوەتەوە و بەردەوامیش بەرەو قوڵبونەوە و ڕادیکاڵبونەوەی زیاتر ڕۆیشتوە و پێویستیی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی ئەم هەلومەرجەی نەک هەر بۆ چینی کرێکار، بەڵکو بۆ هەموو جەماوەری ستەمدیدە بەرجەستە کردوە.**

**"مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە" - پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەم.**

# له یادی مەرگی لینیندا بژی کۆمۆنیزم

مستەفا باهیر

٩٨سـاڵ بەرلەئـێـسـتـا و لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا (٢١ / ١/ ١٩٢٤) مـرۆڤـایەتـی بەگشـتـیو بـزووتـنەوەی کـرێـکـاری بە تـایبەتـی، زیـانـێـکـی گەورەی لـێـکەوت، بەهـۆی ژیـان لەدەسـتـدانـی ڕابەری مەزنـی چـینـی پـڕۆلـیـتـاریـا، هـاوری ڤلادمیر ئیلیچ ئۆلیانۆڤ نـاسـراو بە ( لینین).

لینین ژیانی تەرخان کرد بۆ خەبـاتـکـردن لە دژی نـیـزامـی سەرمایەداریو بەدەستهینانی دونـیـایەکـی بـاشـتـر و بە دەسـەڵات گەشـتـنـی چـیـنـی کرێکـار. لـێـنـین دەسـتـی بۆ دەسـەڵات بـردو ئەو مەیـلەی خستە لاوە، کە سۆسیالیزمیان بە ئایندە دەسپاردو پێیانوابوو سۆسیالیزم خۆی ڕۆژێک دێت و سەوزدەبێت! لینین هەمیشـە دەیووت ئەرکی کۆمۆنیزمـە کە دەسـەڵات بـگـرێـتە دەسـت . لەڕووی کرداریەوە ئەمەی کرد و لە ئۆکتۆبەری ساڵی١٩١٧دا توانی ڕابەرایەتی شۆڕشێکی مەزنی مـێـژوویی لە ڕوسیا بـکـات و دەسـەڵات ڕادەسـتـی شـوراکـان بکات. سـەرکەوتـنـی ئەم شـۆڕشـە تـەنـهـا لەبەرژەوەندی خەڵکی هەژاری ڕوسـیـادا نەبـوو، بەڵـکـو خـزمەتـێـکـی گەورەی بە سەرجەم مرۆڤایەتی کرد، کە کاریگەریەکانی تا ئەمڕۆش دیارە. ژیانی ملیۆنان ئینسانی لە کوشتار ڕزگار کرد بەهۆی هـاتـنە دەرەوەی ڕوسـیـا لە بەرەی هاوپەیمانانـدا لە جەنگی جیهانی یەکەمداو پاشانیش ڕاگـرتـنی جەنگ و بەسـتـنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیادا.

لینین بوە هۆی ئاشـکـراکـردنـی پەیماننامەی ( سایکس – بیکۆ) و مـاهـیەتـی ئەم جەنـگـە ماڵکاولکاریەی بۆ بەشـەریەت ڕوونـکـردەوە. بـۆیە جـێـگـای خـۆیەتـی لەیـادی ژیـان لەدەستدانیدا ئاورێک لە ژیان و تێکۆشـانی ئەم مرۆڤە مەزنە بدەینەوە.

ئەم ڕابەرە مەزنە لە ٢٢ / ٤ / ١٨٧٠ لە شاری ( سیمبرک)ی ڕوسیا لە دایک بووە. لە مانگی ئایاری سالی ١٨٨٧ برایەکی لینین بەهۆی بەشداریکردن لە هەوڵی کوشتنی (ئەلیکساندەر)ی قەیسەری سێهەم، لەسـێدارە دەدرێـت. مـردنـی بـراکەی کاریگەریەکی گەورەی لەسەر لینین هەبوو. لە ساڵی ١٨٩١ بڕوانامەی پارێزەری بە دەست دەهێنێت. هەرچەندە دەیتوانی کاری پاریزەری بکات، بەڵام لـیـنـیـن ڕوویـکـردە کـاری شـۆڕشـگـێـڕانـەو لـەشـاری (پـێـترۆگراد) دەسـتی کرد بە لێکۆڵینەوە لە مارکسییەت. بەهۆی کاری شۆڕشگێڕیەوە لە ٧ /١٢/ ١٨٩٥ بـۆ مـاوەی ساڵێک دەستگیر دەکرێـتو بۆ (سیبیریا) دووردەخرێتەوە.

لینین لە ٢٢/ ٧/ ١٨٩٨دا لەگەڵ (کرۆبسکایا)ی ژنە سۆسیالستی شۆڕشگێر ژیانی هاوسـەری پێک دەهێنێت. لە مانگی ئەپرێلی ١٨٩٩ لینین کتێبی (گەشـەی سـەرمـایـەداری لـە ڕوسـیـا) بڵاودەکاتەوە. لەگەڵ کۆتایهاتنی ماوەی دوورخستنەوەکەشی لـە سـیـبـیـریـا لـە سـاڵـی ١٩٠٠ گەشتێکی بە ڕوسیاو ئەوروپادا کرد. لەوێ چاوی بە زۆرێک لە شۆڕشگێرە ڕوسـەکان کەوت. هەرئەو سـاڵە بە یـارمەتـی هەندێ لە هـاوڕێکانی توانی بڵاوکراوەیەک بەناوی ئایسکرا دەربکات.

لینین ئەندامێکی چالاکی حزبی سۆسـیال دیموکرتی ڕوسـیا بوو. کاتێک لەساڵی ١٩٠٣ ئەم حزبە دەبێت بە دووبەشـەوە، لینین ڕابەرایەتی بەلشـەفیەکان دەکـات. لە شـۆڕشـی سـاڵـی ١٩٠٥ لـیـنـیـن ڕابەرایەتـی بەلشـەفـیەکـانـی دەکـرد لە مۆسـکۆ . لە دوای شکستی شۆڕش، پۆلیسی قەیسەری شاڵاوێکی دڕندانەی کردە سەر شـۆڕشـگـێـڕانو ژمـارەیەکـی زۆریان ڕاپێـچی زیندانەکان کـران و لە سـێـدارەدران. هەربۆیە بەلشەفیەکان بەهۆی ئەو بـارودۆخەوە لـیـنـیـنـیـان گەیـانـدە فـیـنـلانـدا و لەوێ نیشتەجێ دەبێت. پاشان ڕووی کردە ئەوروپاو لە کۆتایدا لە زویرخ نیشتەجێ دەبێت تا کاتی گەڕانەوەی بـۆ ڕوسـیـا لە سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی ١٩١٧دا.

کاتێک کە ژنانی زەحمەتکیشی ڕوسـیا لە ٢٣ / ٢ / ١٩١٧ بە ڕۆژمـێری کۆنی روسـیا، کە دەکاتە ٨ مارسی ١٩١٧ (زاینی)، دژ بە هەژاریو نەبوونی نان خۆپیشاندانیان کرد، لە ڕۆژی دوایدا کرێکارانو جەماوەری زەحـمـەتـکـیـش بەم خـۆپـیـشـانـدانەوە پەیـوەسـت بوون. توانیان لە ماوەی پێنج ڕۆژدا حـکـومەتـی قەیسـەر لەسـەر کـار وەلا بـنـێـنو حکومەتێکی کاتی لە شـوێـنی دابـمـەزرێـنـن. بەلشـەفـیەکـان لەسەرەتا پشتیوانی خۆیان بۆ ئەم حکومەتە کاتییە دەربڕی، بەتـایـبەتـی پـاش ئەوەی کە ستالینو کامینیڤ گەڕانەوەو دەسـتـیـان گـرت بەسـەر ڕۆژنامەی (پراڤدا)داو پشتیوانی خۆیان بۆ حکومەتی کـاتـی دووپـات کـردەوە. لـیـنـیـن لەوکـاتەدا لە دەرەوەی وڵات دەبـێـت. هەوڵـی دەدا دەنـگـی ببیستریێت. لە ٦ی ئازاردا لە ڕێـگـای سـتـۆکـهـۆلـمەوە بـروسـکەیەکـی نـارد بـۆ هاوڕێکانی و تیایدا نوسیبووی تەکتیکمان بەم جۆرەیە:

- وریاییو خۆپاراستن
- پێشکەش نەکردنی هیچ جۆرە هاوکاریو پشتیوانیەک بۆ حکومەتی نوێ
- گومانم بە زۆری لەسەر کرنسکییە
- چەکدارکردنی پرۆلیتاریا باشترین زەمانەتە
- هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی دومای پیترۆگراد
- نزیک نەبوونەوە لەگەڵ حزبەکانی تردا

وێـڕای ئەمـانەش لـیـنـیـن نووسینو وتارەکانی خۆی دەنارد بۆ بڵاوکراوەی پراڤدا بەناوی (نامەکان لەدوورەوە).

چەنـد نەخشـەیەک دانـرا بـۆ گەرانە وەی لـیـنـیـن لە سویسراوە بۆ ڕوسیا، بەڵام یەک لە دوای یەک شکستی خوارد، تا لە ریگای ئەڵمانیاوە بە شـەمەنـدفەرێـکـی فـارگـۆن داخراو ،لە ٣ی نیسانی ١٩١٧دا گەشـتەوە ڕوسـیـا. لە لایەن جەماوەریکی زۆرەوە پێشوازی لێکرا. ڕۆژی دووهەم، واتە ٤ / ٤/ ١٩١٧ لینین ڕاپۆرتێکی نـوسـراوی دەربـارەی بیرۆکەکانی خۆی پێشکەش بە ڕابەرانو کادرانی حزب کرد، کە بە (تـێـزەکـانـی ئەپـریـل) ناسراوە. هیچ کەس لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەی لینین دا نەبوو. بێجگە لەوەش لەلایەن

ئەحزابو حکومەتی کاتییەوە چەندەها توهمەیان بۆ هەڵبەستو هاوڕێیانی خۆشیان پێیان سەیر بوو کە لینین بەوشێوەیە بیردەکاتەوە. ڕۆژی ٧ی نیسان لینین لە ڕۆژنامەی پراڤدا بیرۆکەکانی کە هیچ کەس مۆری خۆی لێ نەدابوو، بە ناوی خۆیەوە بلاو کردەوە.

لینین لەگەڵ ئەندامانو هەڵسوڕاوانی کرێکاری لە پێترۆگراد کەوتە قسەکردنو گێرانی کۆرو سیمینار. هەوادارێکی زۆری لە ڕێکخستنەکانی حزب هێنا بەلای بۆچونەکانی خۆیدا. بۆیە داوای لە حزب کرد، کە لە زووترین کاتدا کۆنگرە بگرێت. لە ڕۆژی ٢٤ ی نیسان تا ٢٩ ی نیسان حزب گونگرەی بەست. لەم کۆنگرەیەدا ١٤٩ نوێنەر کە نوێنەرایەتی٧٩ هەزار کەسیان دەکرد بەشداربوون. لە کۆنگرەدا بیرۆکەکانی لینین گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ئەوانەی کە دژ بە بۆچوونەکەی لینین بوون، تەنها ٧ دەنگیان بەدەست هێنا. لەلایەکی ترەوە ئەو بەڵێنانەی حکومەتی کاتی کە دابووی بە جەماوەری زەحمەتکێش بۆی جێبەجێ نەدەکرن. جەنگ بەردەوام بوو. زەوی لەلایەن دەرەبەگەکانەوە هەر داگیر کرابوو. باری ئابوری زۆر گران بوو، نان بە گرانی دەست دەکەوت. ڕۆژانە کرێکاران پەیوەست دەبوون بە بەلشەفیەکانەوە و لە ناو شوراکاندا ڕێک دەخرانو لەسەر بەکارهێنانی چەک مەشقیان پێدەکرا.

تروتسکی بۆچونەکانی لەگەڵ لینین یەکی دەگرتەوە. لەو کاتەشدا ترۆتسکی ڕابەری شوراکانی پێترۆگراد بوو. لەگەڵ لینین خۆشەویستترین کەسانی گەرەکە کرێکاریەکان بوون. ئەوان ئیستا هێزێکی چەکداری مەشقپێکراوی ئامادە بەکاریان هەیە. حکومەتی کاتی ئەم هێزەی بە مەترسی دەبینی بۆسەرخۆی، بۆیە لە مانگی تەممووزدا بەناوی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران هێرشی کردە سەر بارەگای بەلشەفیەکان و بارەگاو ڕۆژنامەکانی داخستن و ژمارەیەک لە ڕابەرانی گیران، یەکێک لەوانە ترۆتسکی بوو. هەرچەندە حکومەتی کاتی زۆر بەدوای لینیندا دەگەڕا، بەلام بەلشەفیەکان توانیان لینین دەربازبکەن و بیگەیەننە فنلاند. لینین بۆ ماوەی ١١١ ڕۆژ لە ٦ / ٧ / ١٩١٧ تا ٢٥ / ١٠/ ١٩١٧ لە فنلاند مایەوە، لەم ماوەیەدا لینین توانی کتێبی (دەوڵەتو شۆرش) بنووسێت.

لە مانگی ئابدا سەرمایەداران و دەرەبەگەکان هانی سوپای ڕوسیایان دەدا تا کودەتایەکی سەربازی بکەن و حکومەتی کاتی بڕوخێنن، بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەی هەمو هاوکاریەک بوون. کاتێک سوپا بەڕابەرایەتی جەنەراڵ کۆرنیلۆف هێرشێکرد بۆ پایتەخت تا داگیری بکات، کرنسکی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کاتی دەیزانی بەلشەفیەکان هێزو نفوزێکی زۆریان هەیە لەناو شوراو کرێکاراندا، بۆیە داوای لێکردن کە کۆمەکی بکەن و نەیەڵن ئەو کودەتایە سەرکەوێت. بەلشەفیەکان بێجگە لە سوپای سوور هەموو ئەو کرێکارانەی کە مەشقی سەربازیان کردبوو، چەکدار کردو داوایان لە شوراکان کرد کە بەرگری بکەن لە پایتەخت و دژی سوپای کۆرنیلۆف بجەنگن. حکومەتی کاتی بەهاوکاری بەلشەفیەکان توانیان شکست بە کودەتاکەی کۆرنیلۆف بێنن و خۆشی دەستگیر بکەن..

ئەم سەرکەوتنە بەلشەفیەکان و شوراکانی بەهێز کرد و بەلشەفیەکان بوون بە زۆرینە لە شوراکاندا، بەتایبەتی لە پێترۆگرادو مۆسکۆ، هەربۆیە لە مانگی ئەیلولدا لینین داوای ڕاپەڕینی دەکرد. چەند نامەی نارد بۆ کۆمیتەی ناوەندی، بەلام نامەکانی پشتگوێ دەخران. تا وای لێهات لینین نامەیەکی توندی نوسی بۆ کۆمیتە ناوەندیو داوای وازهێنانی کردبوو لە ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی. وتبوی پەنا دەبات بۆ ڕێکخستنەکانی حزب و بۆ بەستنی کۆنگرە. کۆمیتەی ناوەندی ناچار بوو لە ڕۆژی ١٠ / ١٠/١٩١٧ لە ماڵی سۆخانوف کۆبونەوەیەک بۆ ئەندامانی کۆمیتە ناوەندەی سازبکات، لە کۆی ٢١ ئەندامی کۆمیتە ناوەندی ١٢ ئەندام ئامادەبوون . لینین باسی نەخشەکارەکانی خۆی کرد بۆئەوەی کە ڕاپەڕین ئەنجام بدەن. کۆبونەوەکە دە(١٠) کاتژمێری خایاند، لە کۆتایدا نەخشەکارەکە خرایە دەنگدانەوە. دە ئەندام ڕازی بوون و دوو ئەندامیش موخالیف بوون، کە هەریەک لە کامنیف و زینۆڤیف بوون. لەم ڕۆژەدا نەخشەکاری ڕاپەڕین دانراو لە ڕۆژی ٢٥ی ئۆکتۆبەر بەلشەفیەکان توانیان دەسەلات بە دەستەوە بگرنو یەکەم حکومەتی خۆیان پێکهێنا. لینین بوو بە یەکەم سەرۆکی ئەو حکومەتە، کە لە ١٥ کەس پێک هاتبوو.

لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨دا بە هاوکاری دەوڵەتە سەرمایەدارەکان، دەرەبەگەکان، سەرمایەدارن، هەندێ لەدەستو پێوەندی قەیسەر لە جەنەراڵەکانی سوپا، شەڕێکی ناوخۆیان دروست کرد.

لە ٣٠ / ٨ / ١٩١٨ لە کاتێکدا کە لینین کۆبوونەوەی بە کرێکارانی کارگەیەک دەکرد، لەکاتی هاتنە دەرەوەیدا لە لایەن( فانیا کابلان) کە بانگی لینینی کرد بۆئەوەی ئاوڕبداتەوە، درایە بەر دەستڕێژی گولە. سێ فیشەک بەر لینین کەوت. ئەمە بوە هۆی تێکچونی باری تەندروستی. لە ئایاری ١٩٢٢ لینین توشی یەکەم جەلتەبوو، لای ڕاستی توشی شەلەل کرد. لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا توشی جەلتەی دووهەم هات. مەکتەبی سیاسی بڕیاریاندا کە لینین دانیشێت و کار نەکات. لە مانگی ئازاری ١٩٢٣ توشی جەلتەی سێهەم هاتو ئەمجارە لە جێگادا خستیو لە قسەکردن کەوت. لە ٢١/ ١/ ١٩٢٤ جەلتەیەک لێیداو ئەمجارە بووە هۆی ژیان لەدەست دانی. جەستەی لینین مۆمیا کراو لە گۆڕەپانی سور لە مۆسکۆ نێژرا. لەو ڕۆژەوە ساڵانە بە سەدان هەزارکەس سەردانی گۆڕەپانی سوور دەکەن بۆ بینینی جەستەی مۆمیاکراوی لینین وەکو ڕێزێک بۆ ئەم ڕابەرە مەزنەی پرۆلیتاریای جیهانی.

بەرزوو بەرێزبیت یادی ئەم ڕابەرە مەزنەی چینی کرێکار!
بژی لینین!

★